

**سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) لە سێزدەمینساڵیادی دەرچوونی هەفتەنامەی گولان دا، پیرۆزبایی لە ستافی گولان کرد، کە ئەمەش دەقی پیرۆزبایینامەکەیەتی.**

## بەڕێزان سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گولان

بەبۆنەی«سێزدە»مین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گولان پیرۆزبایی گەرم لە ئێوە و کارمەند و خوێنەرانی گۆڤاری گولان دەکەم، گولان وەک گۆڤارێکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە ماوەی تەمەنیدا و لە چوارچێوەی ڕاستگۆیی و پابەندبون بە ئەخلاقیاتی پیشەیی، پەیامی خۆی بۆ خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای خەڵکی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دروستکردنی ڕای گشتی گەیاندووە، بەتایبەتی لەم دواییەدا گولان گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەمیانی ئەو حیوار و گفتوگۆیەی کە لەگەڵ نووسەرانی ناسراو و سیاسەتوان و ڕۆژنامەنووسانی دیاری گۆڕەپانی جیهان ئەنجامی دەدەن، کە بە هەقیقەت بۆتە پرد و سەکۆی بۆچوونە هەمە ڕەنگەکان بۆ خزمەتکردن بە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان. پیرۆزباییتان لێدەکەم هەر سەرکەوتوو وسەرفرازبن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
**2007/4/23**